www.kurdistannet.org
22-10-2006 23:49بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## مام جەلال داهێنەری ئاشتییە!! ... محمد سیاسی ئەشكەنەیی



هیچ شتێك لە ئاشتی خۆشتر نیە و هەموو شەڕێكیش كۆتاییەكەی ئاشتیە، بەڵام لەوە خۆشتر ئەوەیە كە سەركردەی لایەنێكی سیاسی لە پێناو بەرژەوەندی وڵاتەكەی و میللەتەكەی و سەقام گیر بوونی ئاشتی لە كوردستان دا لەسەر كەناڵی ڕاگەیاندنە تەلەفیزۆنە ئاسمانیەكان دا خۆی دەكاتە ئەندامی لایەنی بەرامبەر لایەنی بەرامبەریش بەو ووتانەی هەڤاڵ مام جەلال خۆشحاڵ دەبن و ئەندامانی ئەو حیزبانەی تریش شاگەشكە دەبن و لەناو بازاڕ و شوێنە گشتیەكان دا ئەم ووتانەی هەڤاڵ مام جەلال كە لە شەوی 16 ی ئاب یادی دامەزراندنی (پ. د. ك) دا دەری بڕی چەندین جار لەلایەن ڕۆشنبیرانەوە دەكەونە بەر باس و خواس و جێگەی خۆشحاڵی ئەوان بۆیە نەفرەت لە شەڕ نەفرەت لەوانەی لە هەوڵی نانەوەی شەڕ دان لەنلو میللەتەكەمان دا سوپاس بۆ تۆ مام جەلال كە ووتەكانت ئەوە دەسەلمێنن كە جارێكی تر شەڕی كاولكاری ناوخۆ دووبارە نابێتەوە و چیتر ئەو دوو لایەنە دەست نانێنە خوێنی یەكتر، ئەم هەڵوێستەی مام جەلال نەك تەنها لەو ووتانەی خۆی دا خۆی دەبینێتەوە بەڵكو بە كردەوەش سەلماندوویەتی كە سەركردەی ئاشتی خواز و داهێنەر بە ئاشتی یە، ئەوتا گەورەترین داگیر كەر بڕیاری عەفوو دەردەكات بۆ سەرجەم پێشمەرگەكانی كوردستان لەسەردەمانی شاخ دا پێیان دەڵی تەسلیم بنەوە و هیچ كەسێك قسەیەكتان پی ناڵێت تەنها لێووردنەكە مام جەلال ناگرێتەوە و شمولی ناكات بەڵام دوای ئازاد كردنی سەرجەم عیڕاق لەلایەن هێزی هاوپەیمانان و هێزە كوردی و عەرەبیەكان دا بەڕێز مام جەلال وەك كوردێك بۆ یەكەمین جار بە سەرۆك كۆماری عێراقێكی فرە نەتەوە هەڵبژێردرا

دادگای باڵای عێراق داوای لەبەرێز مام جەلال كرد كە ئیمزا بكات بوَ حوكمی لە سێدارەدانی ئەو دیكتاتورَە خوێن ڕێژەی كە پێشتر عێراقی كردبوو بە گوَمی خوێن و سەرچاوەی نەهامەتیەكان، بەڵام وەك چوَن هەڤاڵ مام جەلال بەكەسایەتێكی بە بەزەیی سەركردەیەكی خزمەتگوزار لێبووردەیی ناسراوە لەلایەن خوَیەوە ئەوە رەتكرایەوە بریاری دا ئیمزا لەسەر هیچ لەسێدارە دانێك نەكات، چونكە سەرۆك كۆمار جگە لەوەی سەركردەی حیزبێكی سیاسی و پێشمەرگەیەكی سەردەمانی شاخ و سەرۆكی ووڵاتێكی فرە نەتەوە و بە ئەزمون بوو جیا لەوەش پارێزەرێكی یاسا پارێزیش بوو بۆیە لەلایەن سەرۆك كۆمار تەنانەت ئیمزای لە سێدارە دانی دووژمن بە گەلەكەشی ڕەت كردەوە وەك كەسایەتیەكی ئاشتی خواز و باوەڕ وون بە مرۆڤ، بۆیە جێی خۆشحاڵیە كە سەرۆك كۆمار كاتێك لە یادی دامەزراندنی حیزبێكی سیاسی دا دەڵی: (من ئەندامی قوتابخانەكەی پارتی بووم و شانەزیش بەو ئەندام بونەمەوە دەكەم كە زۆر لە سكرتێری حیزبەكانی تەنیشتیشم وەك سۆسیالیست و زەحمەت كێشان ئەندامی ئەو پارتە بوون. ) بۆیە حەق وایە لە ئێستاوە مام جەلال بەسەركردە و دامەزرێنەری ئاشتی و برایەتی و تەبایی بناسێنری لە كوردستان و عێڕاق و جیهان، هیوادارم سەركردەو بەرپرسەكانی تریش خاوەنی هەمان هەڵوێستی مام جەلال بن و تەنها بۆ ئاشتی تێبكۆشن و خۆیان بەخت بكەن لە پێناوی ئاشتی دا، بەداخەوە قەڵەمانێكی زۆر هەبوون كە تا دووێنی قەڵەمی بەعس بوون بە باڵای بەعس و

سەرردایەتیەکەیان هەڵا دەگوت بەڵام ووتارێکیان نەنوسی لەسەر ووتەکانی هەڤاڵ مام جەلال، زۆر کۆلکە نوسەر و ڕۆژنامە نوس و بەئاگری شەڕی ناوخۆیان هەڵادەگوت بۆ ئەوەی ئەم شەڕە خۆش بکەن تاکو خاوەنی ئەو نانە بن کە لە شەڕدا دەستیان دەکەوێت کەچی ئەوانیش نوقەیان لێوە نەهات و بی ووتار و بی بابەت بوون لە ئاست ئەم هەڵوێستە برایانە و ئاشتی خوازانەی بەڕێز مام جەلال، بۆیە دەست خۆش مامە گیان هەر پایە دار بی و شانازیشە بۆ من کە ستایشت دەکەم ئەوەی پێشی ناخۆشە با بمری بە خەفەت، هەرچەندە تۆ دژی ستایش و پێیا هەڵدانی بۆیە داوا لە نەتەوە یەکگرتوەکان و خاچی سوری نێودەوڵەتی دەکەم مەدالیای ئاشتیت پی ببەخشن سڵاو لەتۆ ئەی سەرکردەی سەردەمانی شاخ و سەرۆك کۆماری فیدڕالی ئەمڕۆی ئازادی.